بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٣٥) لە ٢٠٢٢/٣/٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٢/٣/٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ناوخۆ، دارایی و ئابووری، تەندروستی، پلاندانان) و سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ئامادەسازیی پێویست بۆ هەر ئەگەرێک و دیراسەکردنی ئەو پێشنیارانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو تایبەت بە (بڕگەی سێیەم)ی کارنامەی کۆبوونەوەکە بۆ لێکەوتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بە تایبەت بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان و گەنم.

٢. لیژنەکە ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ نووسینگەی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێش خستنەبواری جێبەجێکردنەوە.

٣. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران